# بۆ ئەوەی ناسنامەی ئازادی و سەربەخۆیی لاو بگەڕێنینەوە

# وەرن با پێکەوە کاری بۆ بکەین

**عەبدوڵلاّ ئەحمەد گەرمکی**

**خورماتوو**

abdullagermiki@yahoo.com

**گەنج، لاو، جوان ئەم ناوانە هەموویان بە مانای توێژێك دێتەوە به هۆی دەوڵەمەندی زمانی کوردیەوە کام لەو ناوانە بەکار بێنی هەر دەبێت. ئەم بونەوەرە خودان هێزێکی لەبن نەهاتوە گەر بیەوێ ئەتوانێ لەسەرجەم رووەکانی ژیانەوە پێشڤەچون لەگەڵ خۆی دێنێ. یەکێکە لەو سەردمانەی کە مرۆڤ ژیانی تێتدا دەرباز ئەبێت، سەرەتایەکە بۆ دەرکەوتنی ئینسان چونکە هەر لەو سەردەمەدا دیارە کە ئەو مرۆڤە چ کەسایەتیەکی لیٚ دەردەکەوێ. ئاخۆ بەراستی لاوە خزمەت دەکات یان هەر کەسایەتیەکی رووکەشیەو خۆی پیٚ پەروەردە ناکرێ چۆن ئەتوانی کەسانی تر پەروەردەکات و ببێتە چێگای ئومێد.**

**ئەم توێژە کەمن مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمە کۆمەڵێ دروشمی بریقەدار بەسەریدا گوتراوە خۆی لە ناوەرۆکدا هێزو توانایەکی پۆلایینیان تێدا بەدی دەکرێت لە سەرجەم بوارەکانی ژیانەوە توانای قەڵمبازی گەورەیان هەیە. لەولاّتە ئەورووپێکاندا بەتایبەت نەك تەنیا گۆرانکاری لە کۆمەڵیٚ شتی سادە بەڵکو ئەو توانایەیانە هەیە گۆڕانکاری لە دەسەلاّتیشدا دەکەن. بەلاّم لەولاّتی خۆماندا مەخابن گەنجەکانمان بەشتی لاوەکیەوە خۆیان سەرقاڵ دەکەن کاریگەری غەریزەیی جنسی زۆرە بەسەریانەوە ئەوەتا ئەبینی ئەورۆکە کە تەکنیك پێشکەوتوە لەکوردستانیشدا رەنگدانەوەی هەبوە بەلاّم نازانرێ بە شێوەیەکی باش بەکاری بێنن چاو لێکە ئەنتەرنێت لەبەر دەسمانە گەر لەمالاّنیشدا کەم بێت خۆ سەنتەری ئەنتەرنێت زۆر بوە گەلیٚ لاو سەردانی ئەو سەنتەرانە دەکەن بەلاّم زۆربەیان بۆ کاری خراپ بە کاری دێنن ئەبینی یان بەدوای سایتە سکسێکاندا دەگەری یان چات دەکات بەدوای کچدا وێڵە؟ سەر شێتانە هیوایەتی ئەوەیە کە کچێك بناسێت و پەیوەندی لەگەڵ دروستکات بۆ تێرکردنی مەرامەکانی.**

**ماوەیەکیشە لەکوردستاندا دەنگوباسی ئەوە هەیە کە خەڵکانێك هەن دەیانەوێ لە رێگەی ئەنتەرنێتەوە زەواج کەن ئەمەش نەك بەس دەیانەوەیٚ بەڵکو بوە لەماوەی رابردوشدا لەسەر رووپەلی رۆژنامەکاندا بینویمانە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کوڕو کچانەدا کردوە کەلەرێگەی ئەنتەرنێتەوە زەواجیان کردوە.لاوانەیە جوان گەلێك بێت بەکارێکی ئاسای بزانێت بەلاّم بە رای من کارێکی سەمەرەیە. خالّێکی دیکە کە دەمەوێ بیهێنمە زمان دیسان خراپ بەکارهێنانی موبایلە کە ماوەیەك پێش ئێستا لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوك...تاد کۆمەڵێ لاو لە هەردوو رەگەز بونە قوربانی ئەمەش یەکێکی ترە لە نەگبەتی و گەنجانی ئێمە. ئەمەو چەندین دیاردەی تری نێگەتیف کە زۆر رێگرن بۆ هەر کارێکی پۆزەتیف من لێرەدا یەك دوو دیاردەم باس کردوە بەلاّم حەتمەن لە نوسینێکی کورتی وادا ناتوانین سەرجەم دیاردەکان دیاری کەین هەوڵئەدەم بەگوێرەی توانا بتوانین خالّی رێگە چارەیش دائەنێنین بۆ ئەوەی قورتاربین لەم دۆخە کە چینی گەنجی گردوەتەوە.**

**لاو گەر دەرفەتی بۆ برەخسێ فشار نەخرێتە سەری توانای کاری زۆرە بۆ خزمەت کردن بەلاّم لەکوردستاندا بەگشتی چونکە دەسەلاّتداران سەرجەمیان پیاوە بەتەمەنەکانن خاوەن فکری دۆگماو کۆنن رێگەیان پیٚ نادەن. ئەو لاوانەش کە خۆیان بەزانا دەزانن و ئەورۆکە کە نوێنەرایەتی رێکخراوە**

گەنجانەکان دەکەن بە هەمان شێوە هەر وەك پیرەمێرد بیر دەکەنەوە راستە لەرووی شکڵیەوە لاوە بەلاّم لەناوەرۆکدا پیرە. ئەوە هەرباسی کچە گەنجەکانمان هەر ناکرێ چونکە لەولاّتی ئێمەدا پیاو ئەوەندە ئازاد نییە بەشێوەیەکی پێویست ئەوان هەر زۆر چەوسێنەرنن.

بەراستی ناسنامەی لاویان شێواندوە ئەبێت بەدوای رێگە چارەیەکدا بگرێن بۆ راستکردنەوەی کۆمەڵێ شتی ناڕاست کە ئیمرۆ لەکوردستاندا بەرپای ئەم توێژە بوە وادیارە لەباشوری کوردستاندا لەماوەی ئەم پازدە ساڵەدا رێکخراوە گەنجانێکان نەیانتوانیوە رۆڵێکی باش بگێرن و بتوانن لاوەکانمان لەو قۆرخبونە رزگارکەن. بۆ ناتوانن ئەو رێکخراوانە رۆڵێکی باش بگێرن؟ چونکە ئەوان سەربە حیزبن لەحیزبەوە بڕیاریان بۆ دێ بێشك ئەوانەش کە بڕیاریان بۆ دەردەخەن هەموویان پیرەمێردن.لێرەدا پێویستیمان بە هەنگاو هاوێشتن هەیە بۆ ئەوەی لەم دیاردانە نەجاتمانبێ ئەتوانم لەدوو خاڵبەندا کۆیکەمەوە

خاڵبەندی یەکەم: دروستکردنی رێکخراوی سەربەخۆو ئازاد و دیموکرات کاتێك دەڵێن دیموکرات یانی بەواتای ووشە بێ سەر بەهیچ پارتیەك نەبێت خۆیان بڕیار لەسەر مافی چارەنوسی خۆیان بدەن خەباتی لەسەرکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە قۆراڵێکدا رێکخەن دواتر بە کارو تێکۆشانی جدی ئەتوانن خۆیان بلاّوکەن لای تەواوی گەنەکانمان لەکوردستاندا.

خاڵبەندی دووەم: پێویستیمان بە رێنسانسێك هەیە یانی سەرلەنوێ بونیادنانەوە چونکە ئەو رێرەوانەی کە دانراون بۆ رێکخراوە دیموکراتێکان بە گشتی و بەتایبەت سازیە گەنجانەکان ئەتوانم بڵێم ئەو رێرەوانە خزمەت بەگەنجان ناکات لێرەشدا ئەزموون زۆرە باشە لەماوەی ئەم پازدە ساڵەدا رێکخراوەکانی سەر بەحیزب چ خزمەتێکیان کردوە تەنیا کۆمەڵی کەس لەبن ئەو ناوەدا مووچە وەردەگرن کارەکەشیان مەبدئیانە نەبوە ئەو برە پارەیەشیان لێ ببڕایە یەکسەر دەستی لەکاردەکێشایەوە. راستە گەر سەیری دروشم و پەیڕەو پرۆگرامەکانیان کەی ئەبینی زۆر جاکە و عەیبێکی ئەوتۆی تێدا نادۆزیتەوە بەلاّم لەپراکتیکدا ئەبینی وانییە چونکە وەك و هێنامە زمان ئەوان بەفەرمانی پارتەکەیان کە بە سەریانەوەیە هەڵسوکەوت دەکەن ناتوانن شتی بەسود بە لاوەکانمان ببخشن.

دواتر گەر وردبیتەوە هەر دەبینی ئەو رێکخراوانە خاوەن هزرێکی وانین کە لەگەڵ دونیای پێشکەوتندا بگونجێ هەر کۆمەڵێ یاساو فکرەی کلاسیکە ئەوانە بۆ خۆیان بە ئەساس وەردەگرن و کاری لەسەردەکەن حەتمەن بەو بیرۆکە کۆنانەش ناتوانن هیچ خزمەتێك کەن چونکە خەڵکانێکی دیکە بۆ ئەوان بیردەکاتەوە خۆیان بۆخۆیان بیرنماکەنەوە کە چۆن خەباتێك کەن بۆ خزمەت کردن بەو توێژە. خاڵی چارەسەر بۆ ئەوەی کە ئەوان لەو کێژاوانە دەربچن ئەوەیە بتوانن بە شێوازێکی سەربەخۆو ئازادانە بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێك تەدەخولی کارەکانیان بکات بە پرۆژەی نوێوە بەرنامەیەکی وادانەن کە جیاوازبێ لەم بەرنامەیەی کە ئێستا هەیانە بەراستی و دڵسۆزی گەر کارو خەبات بۆ ئەو مەبەستە کەن ئەوا هەر هیچ نەبێت ئەتوانن قەڵەمبازێکی باش سەبارەت بە پێشقەچونی گەنجان ئەنجامدەن. لێرەشدا حەز دەکەم ئەوەش باس کەم دەبێت ئەو لاوانە لەسەر شتی فکری خۆیان پێشخەن چونکە تا نەتوانن لەرووی هزریەوە خۆیان پێشخەن ناتوانن هیچی تر بکەن. بەراستی لاوەکانمان هەر ناویان لاوە لاو ئەبێت لاوبێت گەر بیەوێ داوای مافێکی خۆی کات ئەبێت بە شێوازێکی یاسای دەرکەوتنە سەر شەقام و خۆپیشاندانکەن گەر مافێکی سروشتیان پێ رەوانەبینرا ئەبێت کارێکی واکەن دوونیا بهەژێنن بەراستی ئەبێت هەندێ هیمەتیان بێت تاکەی بترسین تاکەی ئەم ژیانە ناخۆش و دوزەخە پەسەند کەین تاکەی نەتوانین بەشێوازێکی ئازادانە بە بێ سانسۆر نەتوانین رای خۆمان بڵێن تاکەی بەمنداڵ

تەماشمان کەن کە لەم دواینەدا پیاوە زلەکان لاوەکانمانیان بەمندالّ و زارۆك دەزانی ئیدی بەسە ئەبێت بەراستی هێزی دینامیکی کۆمەڵگا بین. ئێستا بەدوا دەبا هەمووومان پێکەوە خۆمان بەشێوازێکی دروست پەروەردە کەین دواتر بتوانین بە کۆرگێران و کردنەوەی خولی فکری کارێکی وابکەین بەتەواوی گۆرانکاری لەم چڤاکە ئەنجام دەین چۆنی پەنجەمان دیار بیّ. ئێمە ئێستا لەسەدەی بیست و یەکەمداین ئەبێت ئەم سەدەیە بەراستی لاوان رۆڵی خۆیان تێتدا بگێرن بۆ ئەوەی ئێمەش وەك لاوانی ولاّتە پێشکەوتوکان بتوانین رێنسانسێکی باش ئەنجامدەین. لاوانی ولاّتەکەم یەك تۆزی شەرم بتانگری خۆ ئێستا سەردەمی بەعس نییە هەموو دیکتاتۆریەك باش بزانن کۆتای پێدیّ با ئیتر بەبیّ ترس بتوانین کارێکی وابکەین کە خزمەت بەخۆمان نەوەی دوای خۆمان کەین. ئتر بەسە بەدرێژای بوونی کورد هەر لە راکردن و دەربەدەری و کۆکوژیدا بوینە دوژمن نەیهیلاّوە خۆمان بەرێکخستن کەین تاکەی بیّ رێکخستن بمێنین ئەم تایبەتمەندیمانە هەرگیز باش نییە چونکە لە بەرژەوەندی دوژمندایە مەبەستی من رێکخستنێکی راست و دروستە لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیدا ئەبێت خۆمان رێکبخەین هەڵوێستێکی وامان هەبیّ کە کوردیەك لەکام پارچەی کوردستان بیّ یان لەهەر چێگەیەك بیّ پەنجەیەکی خوێنی لێبیّ ئەبیّ دەنگی نارەزایمان ئەم گەردونە بهەژێنیّ. بەسە ئیتر ئەی شورەی نییە هەستی نەتەوایەتیمان زۆر لاواز بوە ئاخر بۆ وامان لیّ هات حەتمەن ئەمەش لەبەرژەوەندی دوژمندایە ئەواتا لەلایەن ولاّتە داگیر کەرەکانی سەر کوردستان رۆژانە سوکایەتی بە گەلەکەمان دەکەن و دەمانکوژن بیّ دەنگین زۆر سەیرو سەمەرەیە هیچ گەلێك لەم دوونیایەدا وا نەبوو ئەو رۆکە گەلەکەمان وای لیّ هاتوە.

لەکۆتایدا بانگەوازی من بۆ تەوای لاوەکانمان ئەوەیە کە خۆیان لەچوارچێوەی رێکخراوێکی سەربەخۆدا بە رێکخستن کەن بەبیّ ئەوەی هیچ حیزبێك دەستی وەردانی بکات ئەو کەسانەی کە بە خۆیاندا ئەبینن بۆ کارێکی وا وەرن با بۆێرانە هەمووومان پێکەوە بتوانین کارێکی وا بکەین هەم بۆ خزمەتکردنی خودی خۆمان هەمیسان بۆ خزمەت کردنی سەرجەم چین و توێژەکان بەتایبەت لاوان ئەو ناسنامە ئازادیەی گەنج بگەرێنینەوە کە ئەورۆکە شێواندویانە هەرگیز نابێت ژیانێکە بەم شێوەیە قبولّ و پەسەند کەین. چونکە گەر وابژین من بۆخۆم ئەڵێم لە زیادە دەژیم ویژدانم رێگەم پیّ نادات کە نەتوانم خزمەتێك بە گەلەکەی خۆم بکەم ئای کەمردن لەم ژیانە باشترە بەمەرجێك گەر وابمێنین. بەلاّم گەر بە خۆماندا بچینەوە و بیرمان کردوە تێکۆشانمان لەپێناو بن خستنی کۆیلایەتی و بیّ ئومێدیدا کرد و خەباتمان بۆ خزمەت کردن کرد ئەوە سور بزانە کارێکارێکی گەورەیە ئەم شێوازە حەتمەن پۆزەتیفە و پێشڤەچون لەگەلّ خۆیدا دەهێنێت...